# وەڵامێك بە بەڵگەوە...
# بۆ ئەو كەسانەی فەرمودەی
# ئاحاد ڕەت دەكەنەوە...

ئامادەكردنی

حەمزە بەرزنجی

لەڕێی خوادا دەبەخشرێ و نافرۆشرێت

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله..والصلاة والسلام علي رسول الله وعلي آله وأصحابه ومن والاه...وبعد:..

هەندێك كەس شوبهەی ئەوەیان بڵاو كردۆتەوە كە گوایە فەرمودەی ئاحاد لە بواری عەقیدەدا كاری پێ ناكرێت و ناكرێتە حوججە بە پاساوی ئەوەی (ظني الدلالة)یەو پێویستە بەڵگەی قطعي الدلالة بێت لە ئایەت یان فەرمودەیەكی متەواتیر. لەو كەسانەی برەو بەم فیكرە دەدەن موعتەزیلەو عەقڵانییەكان و هەندێك كەسی دواتر لە وێنەی محمد عبده و محمود شلتوت و احمد شلبی و عبدالكريم عثمان، ئەم قسەیەش بەتاڵ و رەدد دراوەیە، چونكە ئەگەر فەرمودەی صەحیح بە ریوایەتی سیقات و بە ڕێگای صەحیح گەیشت پێمان پێویستە ئیمانمان پێی هەبێت و بە ڕاستی بزانین جا متەواتیر بێت یان ئاحاد و زانستی یەقینی دەدات نەك گومانای، ئەمەش مەزهەبی زانایانی سەلەفی صاڵحانە (ڕەزاو ڕەحمەتی

خوایان لیٚ بیٚت)، چونکە زانایان فەرمویانە قورئان و فەرمودەی صەحیح، ئیتر جیایان نەکردۆتەوە و نەیانوتووە فەرمودەی متەواترو بەس، وە ئەم بۆچوونە نامۆیەی کە پیٚی وایە فەرمودەی ئاحاد کاری پیٚ ناکریٚت و حوججە نییە بە تایبەت لە بواری عەقیدەدا بە هیچ شیٚوەیك لە سەردەمی سەلەفدا نەبووە.

جا بۆ ئەوەی لای خویٚنەر نامۆ نەبیٚت پیٚویستە سەرەتا بزانین فەرمودەی متەواتیر و ئاحاد چییە؟

## فەرمودەی متەواتیر و ئاحاد و جیاوازییان:

شێخ عثیمین(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی فەرمودەی متەواتیری فەرمویەتی: (ما رواه جماعة يستحيل في العادة أن يتواطئوا علي الكذب، وأسندوه إلي شيء محسوس، وينقسم المتواتر إلي قسمين: متواتر لفظاً ومعنيً، ومتواتر معنيً فقط.). علم مصطلح الحديث (ص: ٣)

واتە: ئەو فەرمودەیەیە کە کۆمەڵێك کەس گێڕاویانەتەوە کە عادەتەن مەحاڵە لەسەر درۆ کردن کۆببنەوە، وە بە سەنەد دەیدەنە پاڵ شتێکی بەرجەستە، ئەویش دەبێت بە دوو جۆرەوە: متەواتیری لەفزو مانا، وە متەواتیری ماناو بەس.

وە فەرمودەی ئاحادیش: ئەو فەرمودەیەیە کە مەرجەکانی فەرمودەی متەواتیری تێدا نەهاتۆتە دی بەوەی یەك کەس یان دوان یان سیان گێڕاویانەتەوە..

فەرمودەی ئاحادیش بە پێی پلەکانی دابەش دەبێت بەسەر پێنج جۆرو بەشدا: (صحیح لذاته، ولغیره، وحسن لذاته، ولغیره، وضعیف).

جا ئەو جۆرەیان کە پێی دەوترێت صەحیح زانایان ئاوا پێناسەیان کردووە:

(ما رواه عدل تام الضبط بسند متصل وسلم من الشذوذ والعلة القادحة). علم مصطلح الحديث (ص: ٤)

ئیبن کەثیر(ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) فەرمویەتی: ( أما الحديث الصحيح فهو الحديث المسند الذي يتصل إسناده بنقل العدل الضابط عن العدل الضابط إلي منتهاه، ولا يكون شاذاً ولا معللاً). الباعث الحثيث في اختصار علوم الحديث ص١.

واتە: فەرمودەی صەحیح ئەو فەرمودەیەیە کە بە سەنەدێکی صەحیح و گەیشتوو بەیەك هاتبێت، سەرجەم کەسانی سەنەدەکەی عەدل بێت بەوەی لە دین و پیاوەتیدا ڕاوەستاو بن و چەبگ بێت بەوەی توانای لەبەر کردنیان تەواو بێت تا دەگەنە کۆتایی سەنەدەکەو

فەرمودەکەش مەتنەکەی شاز نەبێت و عیللەتێکی تێدا نەبێت کە لەکەدارکەربێت.
کەواتە کە دەوترێت فەرمودەکە صەحیحە واتە: پێنج مەرجی تێدا هاتۆتە دی: سەنەدەکەی گەیشتوو بەیەکەو پچڕاو نییە، کەسانی سەنەدەکەی هەموو عەدلن، وە (ضبط)ن لە لەبر کردندا، وە شاز نییەو، لەکەدار نییە.
بەڵام ئەو کەسانەی ڕەدی فەرمودەی ئاحاد دەکەنەوە گوێ نادەنە مەرج و تەنها ژمارەی کەسەکانی سەنەدەکە دەکەنە پێوەر، بەڵام ئەم بۆچونە هەڵەیەو زانایان زۆر بە ووردی ڕەدیان داوەتەوە:
ئیبن حەجەر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (وَقَدْ شَاعَ فَاشِيًّا عَمَل الصَّحَابَة وَالتَّابِعِينَ بِخَبَرِ الْوَاحِد مِنْ غَيْر نَكِير فَاقْتَضَي الاِتِّفَاق مِنْهُمْ عَلَي الْقَبُول) فتح الباري ٢٩٢/٢٠
واتە: زۆر بە بڵاوی لە کاری هاوەڵان و تابیعین بووە کە کاریان کردووە بە هەواڵی یەك کەس بە بێ ئەوەی کەسێك هەبێت ئینکاری ئەم کارە بکات، ئەمەش بە

ماناى یەکدەنگی ئەوان دێت لەسەر وەرگرتنی هەواڵی یەك کەس.
ابن ابي العز فەرمویەتی: (وَخَبَرُ الْوَاحِدِ إِذَا تَلَقَّتْه الْأُمَّة بِالْقَبُولِ ، عَمَلًا به وَتَصْدِيقًا له – يُفِيدُ الْعِلْمَ الْيَقِينِي عِنْدَ جَمَاهِيرِ الْأُمَّة ، وَهُوَ أَحَدُ قِسْمَي الْمُتَوَاتِرِ. وَلَمْ يَكُنْ بَيْنَ سَلَفِ الْأُمَّة فِي ذَلِكَ نِزَاعٌ). شرح القيدة الطحاوية ص٣٣٩.
واتە: هەواڵێك کە یەك کەس بیدات ئەگەر ئوممەت وەری گرتبێت و کاری پێ کردبێت و بە ڕاستی دانابێت ئەوە بە لای جمهوری ئوممەتەوە عیلمی یەقینی دەدات، ئەمەش یەکێکە لە دوو جۆرەکەی متواتر، وە لە نێوان سەلەفی ئوممەتدا لەسەر ئەمە ڕاجیایەك نەبووە.
ئیمامی شافیعی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (إِذَا رَوَيْتُ حَدِيثًا عَنْ رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ) وَلَمْ أَذْهَبْ إِلَيْهِ فَاعْلَمُوا أَنَّ عَقْلِي قَدْ ذَهَبَ). اعلام الموقعين٢/٣٢٥
واتە: هەر کات لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) فەرمودەیەکی صەحیح ڕیوایەت کراو وەرم نەگرت ئەوە بە شایەت بن عەقڵم لە دەستداوە.

ئەوەتا ئیمام جیاوازی نەخستۆتە نێوان ئەوەی فەرمودەکە یەك کەس بیدات یان متواتر بێت، یان ئەو فەرمودەیە لە بواری عەقیدەدا بێت یان کردەوەیەکی فیقهی بێت، بەڵکو مەرج بریتییە لە صەحیحی فەرمودەکە.

ئیبن تەیمیە(ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) فەرمویەتی: (وَهَذِهِ السُّنَّةُ إِذَا ثَبَتَتْ فَإِنَّ الْمُسْلِمِينَ كُلَّهُمْ مُتَّفِقُونَ عَلَي وُجُوبِ اتِّبَاعِهَا) مجموع الفتاوي١٩/٨٥.

واتە: ئەگەر سوننەتێك بە چەسپاوی گەیشت پێمان ئەوە موسڵمان تێکڕا هاودەنگن لەسەر واجبێتی شوێنکەوتنی.

ئیبن قەیم(ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) لە ڕەدیدا بۆ ئەو کەسانەی فەرمودەی ئاحاد ڕەت دەکەنەوە فەرمویەتی:

(ومن هذا إخبار الصحابة بعضهم بعضا، فإنهم كانوا يجزمون بما يحدث به أحدهم عن رسول الله(ﷺ) وة لم يقل أحد منهم لم حدثه عن رسول الله(ﷺ) خبرك خبر

واحد لا يفيد العلم حتي يتواتر...) مختصر صواعق المرسلة٢/٣٦١-٣٦٢.

واتە: وە لەوانە هەواڵ دانی هاوەڵان بە یەکتر، ئەوان زۆر بە جەزمەوە ئەو فەرمودانەی پێغەمبەری خوایان(ﷺ) وەردەگرت کە بۆ یەکتریان باس دەکرد، وە هیچ کامێکیان بەو کەسەی نەوتووە کە فەرمودەکەی بۆ باس کردووەە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) تۆ هەواڵەکەت هی یەك کەسەو عیلم نابەخشێت هەتا نەبێت بە متواتر...

پاشان دەفەرموێت: :(فهذا الذي اعتمده نفاة العلم عن أخبار رسول الله(ﷺ) خرقوا به إجماع الصحابة المعلوم بالضرورة، وإجماع التابعين وإجماع أئمة الأسلام ووافقوا به المعتزلة والجهمية والرافضة والخوارج الذين انتهكوا هذه الحرمة، وتبعهم بعض الأصوليين والفقهاء، وإلا فلا يعرف لهم سلف من الأئمة بذلك، بل صرح الأئمة بخلاف قولهم، ممن نص علي أن خبر الواحد يفيد العلم: مالك والشافعي وأصحاب أبي حنيفة وداود بن علي

وأصحابه كأبي محمد بن حزم). مختصر صواعق المرسلة٢/٣٦١-٣٦٢.

واتە: بەڵام ئەو شتەی نەفی كارانی عیلم لە هەواڵ و فەرمودەكانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پشتیان پێ بەستووە ئیجماعی هاوەڵان و ئیجماعی تابعین و ئیجماعی پێشەوایانی ئیسلامیان شكاندووە، وە موافەقەی بۆچونی موعتەزیلەو جەهمیەو رافیزەو خەواریجیان كردووە، لەوانەی ئەم سنوورەیان بەزاندووە، وە هەندێك لە ئوصولی و فوقەهاكانیش شوێنیان كەوتون لەمەدا. ئەگەرنا ئەوان بەهیچ جۆرێك لە ناو پێشەوایاندا پێشەنگیان نییە لەم بۆچونەدا، بەڵكو پێشەوایان پێچەوانەی ئەمەیان فەرمووە، لەوانەی فەرمویەتی فەرمودەی یەك كەس عیلم دەدات: ئیمامی مالیك و شافیعی و هاوەڵانی ئەبو حەنیفەو داود بن علی و هاوەڵەكانی لە وێنەی ئەبی محمد بن حزم.

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: ( وَخَبَرُ الْوَاحِدِ الْمُتَلَقَّي بِالْقَبُولِ يُوجِبُ

الْعِلْمَ عِنْدَ جُمْهُورِ الْعُلَمَاءِ مِنْ أَصْحَابِ أَبِي حَنِيفَةَ وَمَالِكٍ وَالشَّافِعِيِّ وَأَحْمَد وَهُوَ قَوْلُ أَكْثَرِ أَصْحَابِ الْأَشْعَرِيِّ كالإسفراييني وَابْنِ فورك ..) مجموع الفتاوي١٨/٤١.

واته: هەواڵی یەك كەس كە بە قبوڵ كراوی و صەحیحی وەرگیرابێت عیلم دەگەیەنێت بە لای جمهوری زانایانەوە لە هاوەڵانی ئەبی حەنیفەو مالیك و شافیعی و ئەحمەدو ئەمەش زۆربەی هاوەڵانی ئەشعەرییە لە وێنەی ئیسفراییینی و ابن فورك...

وە دەفەرموێت: (وَأَخْبَارُ الْآحَادِ مَقْبُولَةٌ إذَا نَقَلَهَا الْعُدُولُ وَهِيَ تُوجِبُ الْعَمَلَ...) مجموع الفتاوي٦/١٧٥.

واته: وە هەواڵی فەرمودەی ئاحاد وەرگیراوە بەو مەرجەی كەسانی عادل نەقڵیان كردبێت و پێویست دەكات كاری پێ بكرێت..

# هەڵوەشاندنەوەی گومانێك

ئەوانەی ئینكاری بەڵگەی فەرمودەی ئاحاد دەكەن شوبهەی ئەوە دێننەوە كە فەرمودەی ئاحاد گومان(الظن) دەگەیەنێت، مەبەستیشیان بە گومان گومانی راجیحە بەوەی ئەگونجێت یەك كەس هەڵە بكات یان بێ ئاگایی ڕوی تێ بكات، یان بیری بچێتەوە، هەندێكیان ئەڵێن لە ئەحكامدا واجبە كاری پێ بكرێت بەڵام لە مەسەلەكانی عەقیدەدا نا..!!

بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەو ئایەتانەیە دەهێننەوە كە نەهی شوێن كەوتنی گومان دەكات وەك ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئاً). النجم/٢٨

وەڵامیش بۆ ئەم شوبهەیە بریتییە لەوەی ئەو ئایەتە ناكرێتە بەڵگە بۆ ئەوە، چونكە مانای (الظن) لە ئایەتەكەدا مەبەست بەو گومانە بڵاوە نییە كە ئەوان مەبەستیانە، بەڵكو بریتییە لە دودڵی و درۆو خەمڵاندن.

چونكه له ماناى الظن دا هاتووه: (الشك يعرض لك في شيء فتحققه وتحكم به) النهاية في غريب الحديث والأثر٣/١٦٢-١٦٣

واته: (الظن)ئەو دودڵييەيە كە لە بەرامبەر شتێك ڕووت تێ دەكات تۆش تەحقيقى لێ دەكەيت و حوكمى پێ دەكەيت.

ابن كثير(ڕەحمەتى خواى لێ بێت) له تەفسيرى ئەو ئايەتەشدا دەفەرموێ: ({وَمَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ } أي ليس لهم علم صحيح يُصَدّق ما قالوه، بل هو كذب وزور وافتراء وكفر شنيع .{إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئاً} أي لا يجدي شيئاً ولا يقوم أبداً مقام الحق، وقد ثبت في الصحيح أن رسول الله(ﷺ) قال: "إياكم والظن فإن الظن أكذب الحديث".)تفسير ابن كثير٤/٣٠٧.

واته: (ومالهم به من علم) واته هيچ زانستێكى راست و صەحيحيان پێ نييه ئەو وتەيەيان بە راست دابنێ بەڵكو ئەوەدرۆ و بوختان و قسەيەكى هەڵبەستراوو

کوفرێکی قورسە، ﴿إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئاً﴾ واتە: ئەو گومانەش هیچ سودی نییە و هەرگیز جێگای هەق ناگرێتەوە. پێغەمبەری خواش(ﷺ) فەرمویەتی: ووریای گومان بن چونکە گومان درۆترین ووڕتەی دڵە.

کەواتە ئەو گومانەی خوای گەورە زەمی کردووەو لەکاتی باس کردنی موشریکەکاندا فەرمویەتی بریتییە لە دودڵی و درۆ چونکە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ﴾ (الأنعام:١١٦)

واتە: خۆ ئەگەر فەرمانبەردارو ملکەچی زۆربەی خەڵکی سەرزەوی بیت ئەوە لە ڕێبازی خوا وێڵت دەکەن، چونکە شوێنی هیچ شتێك ناکەون جگە لە گومان و تەنها گۆترەکاری دەکەن.

خوای گەورە وەسفیان دەکات بە گومان و گۆترەو لەخۆوە قسە کردن، کە بریتییە لە تەنها گریمانەو خەمڵاندن، جا ئەگەر ئەمە بەڵگە بێت بۆ کارنەکردن بە

فەرمودەی ئاحاد لە عەقیدەدا بە دڵنیاییەوە بەڵگەشە بۆ کارنەکردن بە فەرمودەی ئاحاد لە ئەحکامدا، چونکە ناکرێت ئەحکامەکانیش لەسەر دودڵی و خەمڵاندن بینا بکرێت...!

ئەوەش کە دەڵێن راوی فەرمودەی ئاحاد چونکە یەك کەسە ئەگونجێت بیٚ ئاگایی و بیرچونەوەی توش ببێت، بەتاڵە.. چونکە وەك پێشتر لە مەرجەکانی فەرمودەی صەحیحدا باسکرا بە مەرج گیراوە کە هەموو راوییەك کە(ثقة) و (ضابط) بن، جا لەگەڵ مەرجی (صحة)ی فەرمودەدا مەجال نامێنێتەوە بۆ ئەوەی بوترێت راوی هەڵەی کردووە، چونکە عادەتەن زانراوە ئەو راوییەی پیقەو چابگە بیٚ ئاگا نییە و درۆش ناکات، ئەو کات بوار نەماوە بۆ کەسێك بێت و بە عەقڵی خۆی بیەوێت فەرمودەکەی ڕەت بداتەوەو پێچەوانەی عادەت بێتەوە.

دوای ئەوەی ڕەدی ئەوە درایەوە کە کە دەکرێتە پاساو بۆ کارکردن بە فەرمودەی ئاحاد دەچینە خزمەت چەند بەڵگەیەك لەسەر واجبێتی وەرگرتنی هەواڵی یەك کەس.

بەڵگەش لەسەر ئەمە زۆرە لە قورئان و فەرمودەدا لەوانە:

١-خوای گەورە دەفەرمویّت: (وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً ۚ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ) (التوبة :١٢٢)

واتە: جا ڕەوا نیە هەرچی ئیمانداران هەیە بەجاریّك بچن بۆ غەزا (یان بۆ هەرکاریّکی پیّویست)، دەی بۆچی لە هەر هۆزو دەستەیەك، کەسانیّك نەچوون بۆ خویّندن تا شارەزابن لە ئایین تیّبگەن و فیّر ببن و قەومەکەشیان تیّبگەیەنن و فیّریان بکەن کاتیّك کە گەڕانەوە بۆ لایان، بۆ ئەوەی ئەوان هوشیار ببنەوە خۆیان بپاریّزن لە گوناهو خوا لە خۆ نەڕەنجیّنن.

ئایەتەکە هانی ئیمانداران دەدا لەسەر شارەزا بوون لە دین، شارەزا بوون لە دینیش عەقیدەو غەیری عەقیدە دەگریّتەوە بگرە عەقیدە لەپیّشترە لە ئەحکام.

ووشەی (طائفة) لەویّدا بە یەك کەس بەرەو سەر دەوتریّت،

ئیمامی بوخاری(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (وَيُسَمَّي الرَّجُلُ طَائِفَةً لِقَوْلِهِ تَعَالَي {وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا} فَلَوْ اقْتَتَلَ رَجُلَانِ دَخَلَ فِي مَعْنَي الْآيَةِ). صحيح البخاري٦/٢٦٤٦.

واتە: وە بە تەنها بە یەك كەسیش دەوترێت (طائفة) بە پێی ئایەتەكە(وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا) خۆ ئەگەر دوو پیاو كردیان بە شەڕ لەگەڵ یەكتردا دەچنە ناو مانای ئەو ئایەتەوە.

٢-خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ) (الحجرات :٦)

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر كەسێكی متمانەپێ نەكراو هەواڵێكی گرنگی بۆ هێنان، خێرا بڕوای پێ مەكەن، بەڵكو سەرنج بدەن، لێی بكۆڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە، نەوەكو ئازارو ناخۆشی و

گێروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بەنەزانی، جا دوای پەشیمان ببنەوەلەو کارەی کەپێی هەستاون .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر وەرگرتنی هەواڵی کەسێکی سیقە، وە پێویست ناکات تەپەبوت بکرێت لێی، چونکە کەسی متمانە ناچێتە خانەی فاسقەوە، خۆ ئەگەر هەواڵی کەسی متمانە عیلمی نەگەیاندایە لە ئایەتەکەدا فەرمان دەکرا بە گشتی و ڕەها تەپەبوت بکرێت نەك تەنها تەپەبوت لە هەواڵی کەسی فاسق بکرێت.

٣- خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ ۖ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا) (النساء :٥٩)

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەردارو گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرو فەرمانڕەواکان بکەن کە لە خودی خۆتانن (لە بیروباوەڕو پابەندیدا)، خۆ ئەگەر لە شتێکدا بوو بەکێشەتان دەربارەی حوکمی خوایی، ئەوە

ئەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) (کە قورئان و سوننەت دەگەیەنێت)، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەخواو بە ڕۆژی قیامەت هەیە، (ڕەفتارکردنتان) بەو شێوەیە چاکترین و جوانترین سەرچاوەیە بۆ چارەسەری کێشەکانتان.

ئیبن القیم فەرمویەتی: (وأجمع المسلمون أن الرد إليه هو الرجوع إليه في حياته والرجوع إلي سنته بعد مماته ، واتفقوا أن فرض هذا الرد لم يسقط بموته فإن كان متواتر أخباره وآحادها لا تفيد علما ولا يقينا لم يكن للرد إليه وجه). مختصر الصواعق المرسلة علي الجهمية والمعطلة٢/٣٥٢.

واتە: موسڵمانان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بریتییە لە گەرانەوە بۆ لای خۆی لە ژیانداو گەڕانەوە بۆ لای سوننەتەکانی دوای وەفاتی. وە یەکدەنگن لەسەر ئەوەی فەرزێتی ئەم گەڕانەوەیە بۆ لای ئەو بە مردنی لانەچووە، خۆ ئەگەر ئەو هەواڵانەی ئەو داوێتی بە متەواتری و ئاحادی عیلم

و یەقین نەبەخشێت ئەوە گەڕانەوە بۆ لای هیچ ڕوویەکی نییە.

٤-پێغەمبەری خوا(ﷺ) نامەنێری دەنارد بۆ لای یەك بەیەکی پاشاکان و هەروەها ئەمیرەکانی دەنارد بۆ شارەکان خەڵکەش لە هەموو ئەحکامەکاندا دەگەڕانەوە بۆ لایان، ئەبو عوبەیدەی نارد بۆ نەجران، مەعاژ بۆ یەمەن، دحیەی کەلبی نامەی نارد بۆ گەورەی بوصرا......هەموو ئەمانەش لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە.

٥- عَنْ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: (بَيْنَا النَّاسُ بِقُبَاءٍ فِي صَلَاةِ الصُّبْحِ إِذْ جَاءَهُمْ آتٍ فَقَالَ: إِنَّ النَّبِيَّ(ﷺ) قَدْ أُنْزِلَ عَلَيْهِ اللَّيْلَةَ قُرْآنٌ وَقَدْ أُمِرَ أَنْ يَسْتَقْبِلَ الْكَعْبَةَ فَاسْتَقْبِلُوهَا. وَكَانَتْ وُجُوهُهُمْ إِلَي الشَّأْمِ فَاسْتَدَارُوا إِلَي الْكَعْبَةِ). صحيح البخاري ١١/١٠ برقم (٤٤٩١).

واتە: کاتێ خەڵکی لە قوبا لە نوێژی بەیانیدا کۆبوبوونەوە کەسێك هات و ووتی: ئەمشەو پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایەتێکی قورئانی بۆ دابەزیوەو فەرمانی پێکراوە کە ڕوو بکاتە کەعبە لە نوێژەکانیدا، دەسا ئێوەش ئیتر ڕوو بکەنە ئەوێ، لە کاتێکدا ئەمان ڕوویان لە شام بوو ڕوویان وەرگێڕا بەرەو کەعبە.

٦- عَنْ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ قَالَ: وَكَانَ رَجُلٌ مِنْ الْأَنْصَارِ إِذَا غَابَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ) وَشَهِدْتُهُ أَتَيْتُهُ بِمَا يَكُونُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ)، وَإِذَا غِبْتُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَشَهِدَهُ أَتَانِي بِمَا يَكُونُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ)).
صحيح البخاري١٨/٢٢٤ برقم(٤٢٥٦).

واتە: ئەگەر پیاوێکی ئەنصار ئامادەی دانیشتنەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەبوایەو منی لێ بوومایە ئەو شتانەم پێ دەگەیاند کە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بیستوومە. خۆ ئەگەر منیش لەوێ نەبومایەو ئەو ئامادە بوایە بە هەمان شێوە پێی دەگەیاندم.

ئەمەش واقیعی هاوەڵان بووە ڕەزای خوایان لیٚ بیٚت کە بە یەك هەوالٚ کاروباری دینییان لەیەك وەردەگرت، جا هەواڵەکە عەقیدەیی بوایە یان عەمەلی.

٧- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه قال سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ) يَقُولُ: (نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حَدِيثًا فَحَفِظَهُ حَتَّي يُبَلِّغَهُ، فَرُبَّ مُبَلَّغٍ أَوعي مِنْ سَامِعٍ). مسند أحمد (٦/ ٩٦)برقم(٤١٥٧) تحقيق وشرح احمد شاكر وقد رواه الامام احمد بلسنادين صحيحين.

واتە: خوای گەورە ڕووی ئەو کەسە ڕۆشن و درەوشاوە بکات کە فەرمودەیەك لە ئیٚمە دەبیستیٚت و لەبەری دەکات هەتا دەیگەیەنیٚت بە کەسانی تر، لەوانەیە ئەو کەسەی پیٚی دەگەیەنریٚت باشتر لیٚی تیٚ بگات لەوەی بیستویەتی.

جا ئەگەر باوەڕ بوون بەو فەرمودانەی یەك کەس گیٚڕاویانەتەوە واجب نەبوایە، ئەوا فەرمان کردن بە گەیاندنی فەرمودەکانی مانایەکی نەبوو.

ئەگەر بوترێت کار بە فەرمودەی ئاحاد ناکرێت پێویستە سەدان فەرمودە ڕەت بکرێتەوە:

کەواتە وتنی فەرمودە ئاحادەکان لە عەقیدەدا بەڵگەی تەواو نییە قسەیەکی داهێنراوەو ئەصڵی نییەو هیچ یەکێك لە سەلەف شتی وای نەووتوەو بگرە بە خەیالیشیاندا نەهاتووە چونکە ئەگەر یەك بەڵگەی قەتعی هەبوایە لەسەر ئەوە ئەوان ئەیانوت و نەیاندەشاردەوە.

پاشان ئەگەر بوترێت کار بە فەرمودەی ئاحاد ناکرێت ئەوە سەدان فەرمودەی صەحیح ڕەت دەکرێتەوەو ئەوکات دەبێت زۆرێك لە دین ڕەت بکرێتەوە، چونکە لەو شتانەی فەرمودەی ئاحادی لەسەر هاتووە ئەمانەیە:

فەزڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەسەر پێغەمبەرانی تردا، شەفاعەتی گەورە لە مەحشەردا، شەفاعەت بۆ ئەهلی گوناهی گەورە، سەرجەم موعجیزەکانی جگە لە قورئان، چۆنێتی دروست بوونی بونەوەرو سیفەتی مەلائیکەت و جنۆکەو سیفەتی بەهەشت و ئاگر ئەوانەیان کە لە

قورئاندا نەهاتووە، پرسیاری مونکەرو نەکیر لە گۆڕدا، گۆڕەووشارو چۆنیەتی حەشرو پردی صیرات و حەوزو کێشانەی کردەوەکان. ئیمان هێنان بەوەی خوای گەورە رزق و رۆزی و ئەجەلی لەسەر مرۆڤ نوسیوە کاتێك لە سکی دایکیاندا بوون، تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەك چوونە بەهەشت هەر لە دونیاداو بینینی خەڵکەکەی و موسڵمان بوونی قەرینەکەی و مژدە دان بە دە هاوەڵەکە بە بەهشت و بە هەتایی نەمانەوەی ئەو کەسانەی گوناهی گەورەیان کردەوە لە دۆزەخداو باوەڕ بوون بە نیشانەکانی قیامەت وەك هاتنی مەهدی و دابەزینی عیسا(علیه السلام) و دەرچوونی دەجال و دەرکەوتنی ئاگرەکەو هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاواوەو دەرکەوتنی گیانلەبەر(الدابە)......